# پرۆسەی بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری کوردستان.. خەسرەو پیربال

The infrastructure Economy of Kurdistan



ئەمرۆکە کوردستان وڵاتێکی کراوەیە لەڕوویی هەموو کۆمپانیاکانی جیهان، لە بەرنامەی نیشتیمانیدا هاتووە کە بودجە و نەخشەسازی دابینبکرێن، بۆ دووبارە بیاتنانەوەی ئابووری وڵات و هەروەها کار بۆ درووست کردنی ژێرخانێکی بەهێز و پتەو بکرێت، بەرنامەی گشتی حکومەتی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی لە ئیستراتیجیەکی دیاریکراودا دەبینرێت، کە گرینگی بە کەرتی تایبەت بدرێت و هانا بۆ هەموو لایانێکی تریش ببررێت بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ئابووریەکی سەربەخۆی کوردستانی..

بۆ پرۆسەی ئابووری و سوودوەرگرتن لە بەرنامە و یارمەتیە نێودەوڵەتیەکانیش، پێمواێت و ئێستا سیماکانی قۆناغێکی نوی دەستی پێکردووە، بەو واتایەی کە ئێستاکە یارمەتیەکان کەدەگەنە کوردستان، بۆ کاری مرۆیی نیە و ناچنە نێو قاڵبی هاوکاری و یارمەتیدانی لێقەوماوان و بەڵکوو لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی دارێژراودا و بە پلانێك و ئیستراتیجیەتێکی گوونجاو لەگەڵ ئابووری کوردستاندا، دەبێت لە چوارچێوەیەکی زانستیدا کاریان بۆ بکرێت.

کارکردن بۆ بەهێزکردنی ئابووری وڵات، دەبێت لە بنەما تەقلیدیەکان بچێتە قۆناغێك و جۆر و شێوازێکی تری کارکردنەوە، زۆر قسە و پێشنیار و بەرنامەی سیاسی دارژراون و بەڵێنێکی زۆر دراون، بەڵام لە واقیعدا کەم کار کراوە، دەبووایە، بەڵێن و گفتووگۆکان، پاشان وورد کرابانەوە و کاریان لەسەر کرابان.

لە پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستاندا، دەبێت کار بۆ چەند مەسەلەیەکی گرینگ بکرێت، وە لەو پرۆسەیەشدا چەند لایانێکی دیارکرا و پیسپۆر بەشدارن، وە هەمووشیان تەواوکەر و بەرپرسن لەو هەڵمەتە گەورەیەدا.

پێشەکی، لە چوارچێوەیی وەزارەتی پلاندانان و ئابووری کابینەی نویی حکومەتی یەکگرتووی کوردستاندا، دەبێت کار و بەرنامەکان بە ئاراستەیەکی نوی و مۆدێرن بکرێن کە بگوونجێت لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە جیهاندا، دەبێت بەتایبەتی لەو وەزارەتانەدا، پەیوەرەوی شێوازێکی مۆدێرن لە بەرێوەبەرایەتی بکرێت (Management)، وە بەهاماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و حکومەت بە گشتی، وە بەدانانی کەسایەتی و پسپور و کارمەند و کادریی لێزان بەرنامەکان ئەنجام بدرێن و بۆ هەموو کارێك و پرۆژەیەك پێشتر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، نەوەکوو وەکوو تاوەکوو ئێستا دەکرێت، تاوەکوو ئەمرۆکە سیماکانی ئەو بەرەو روو بونەوە گەورەی شارستانیە لە جیهاندا ئاوا بە زەقی بەدەر نەکەوتبوون، بەڵام ئیٚستاکە، زۆر بەروونی دارە، کورد زۆر دووا دەکەوێت، ئەگەر بەهەمان خێرایی و شێواز ڕێبکەین. دەبێت گرینگی بدرێت بە پێشکەوتنی شێوازی کارکردن و ئەنجامدانی پرۆژە ی ئابووری، لە کوردستاندا، کارکردن و فەرهەنگی کارکردن دیاریکردنی سنوور و ستاتووی کرێکار پێویستی بە یاسایەکی دیاریکراو هەیە، دەبێت لە پەرلەمانی کوردستاندا کاری بۆ بکرێت.

نەبوونی بەرنامەی زانستی، پێشتریش نەبوونی سیستەمێكی ئابووری بەهێز و مۆدێرن، زەرەرێكی گەورەی ئابووریمانی پێگەیاندووە، شتێك نیە ناوی سیستەم بێت لە ولاتی ئێمەدا، بەو واتایەی كە لە ئەوروپادا بەرهەمهاتووە و كاری پێدەكرێت، (System)، نهێنیەك لە نهێنیەكانی سەركەوتنی ئابووری ئەوروا و كۆمەڵگاكانی رۆژئاوا، بوونی سیستەمێكی پێشكەوتووی بەرێوەبەرایەتیو پلاندانان و بەرنامەرێژیە لە ئابووریاندا، ئەوەی كە لەولاتی ئێمەدا بوونی نیە وە مخابن لە ئاستی تاكدا مەفهووم نیە.

ئەو خالانەی دەبێت بەهێند و گرینگیەوە كاری بۆ بكرێن لە پرۆسەی درووستكردنی ژێرخانی ئابووری كوردستاندا:

-پێشەكی، وەكوو بەرنامەی نویی كابینەی حكومەتی كوردستان، دەبێت سیستەمێكی نوی لە سەرژمێری گشتی دابمەزرێت لە كوردستندا، هاوشێوەی ئەو سیستەی لە ئیران و ولاتانی تردا هەیە، بۆ هەر كەسێك، هەر هاولاتیەك، ژمارەیەكی تایبەت هەیە، لە ئەوروپا پێی دەلێن (Personal Number) لە كۆماری ئیسلامی ئێران پێی دەلێن (ژمارەی میللی)، ئێمەش دەتوانین ناوی بنێین (ژمارەی نیشتیمانی) كە سود و قازانجێكی گەورەی نەتەوەیی هەیە، بەو پێیەش، لە هەموو بوارێكدا سوودی دەبێت لە نەخشەسازی و پلاندانانمان.

-دەبێت كابینەی نویی حكومەتی كوردستان، جورئەتی ئەوەی هەبێت، ئەو هەموو خەڵكەی ناونووسكرا و كرانە مووچەخۆر و كارمەند و پۆلیس بە بی ئەوەی كار بكەن و بەرهەمیان هەبێت، دەبێت ئەمری دامەزرانیان پووچەڵ بكرێتوە و ئەو بارە قوورسە لەسەر شانی بوودجەی حكومەتی كوردستان كەم بكرێتەوە. گرینگیدان بە كەرتی كشتووكاڵی كوردستان:

لەبیرمان چووە كە ولاتی ئێمە، جگە لە نەوت و كانزاكان، ئێمە دەولەمنترین ولاتی كشتووكاڵین، دەكرێت بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ولاتانی تری هاوشێوەی خۆمان، پەرە بە كەرتی كشتووكاڵ بدەین، سیستەمی دابینكردنی ئاو پەیرەو بكەین و كوولتووری كشتووكاڵی گەشە پێ بدەین، هاوكاری خەڵك بدرێت بۆ گەرانەوە بۆ گووندەكان، ئەوەی دەبینرێت بەداخەوە، كووشتنی گووندە، خەڵكی گووندەكانمان هانداوە، بۆ ئەوەی شوێن و گووندەكانی خۆیان جێبهێڵن و ببنە شاری!! بی ئەوەی لە شاریش هیچیان بۆ بكرێت؟؟!!

دەبێت پلانی تایبەت بە شارەكان و گووندەكانمان هەبێت، لە دەرەنجامدا، وە بەتایبەتی لە ئیستراتیجیەتی درێژخایەنی ئابووریدا، نابێت هیچ جیاوازیەك هەبێت لە نێوان گووند و شاردا.. بەهەمان شێوە گووندەكانیشمان هاوشێووەی شاربن لە خزمەتگووزاری و پێشكەوتندا.

-پەیرەوكردنی شێوازێكی مۆدێرن لە شێوازی بەرێوەبردن و پلاندانان لە وەزارەتەكاندا.

-دەبێت بۆ هەموو كارێك و پشەیەك، قوتابخانە، یاخوود زانیاری ئاراستەكراو هەبن، بۆ ئەو كرێكارانەی تایبەت و پرۆفیشیۆناڵن لە كارەكانیاندا، نەوەكوو نەجار ببێتە كاتب و كارمەند لە دائیەكانی حكومەت و مەحكەمە و چایچی ببێتە كارمەند لە پرسگەكاندا!!

-بەستنەوەی بوواری زانستی وئەنجامی ئەو لێكۆڵینەو زانستیانەی زانكۆكانی كوردستان و تاوەكوو هەندێك لەو لێكۆڵینەوە جیهانیانەش (The University's Output)

لە هەموو ولاتاندا، زانكۆ گرینگیەكی گەورەی هەیە لە دارشتنی سیاسەتەكاندا، لە سەرۆكی حكومەتەوە تاوەكوو بچووكترین كۆمپانیا، هاوار بۆ دەرەنجامە زانستیەكاندا دەبەن، لە پرۆسەی نەخشەكێشانی بەرنامەكانیان، تەنها لە كوردستان نەبێت، زانكۆكان هیچ سوودێك و رۆڵێكیان نیە، بەڵكوو بە پێچەوانەوە، زەرەریان هەیە، بە داخەوە، هەر لە

لیژنەکانی زانکۆ تاوەکوو بەشە جیاجیاکانی کۆلیژەکان، بەداخەوە هیچ ڕۆڵێکیان نیە لە پێشکەوتنی زانستی و فەرهەنگیدا.
-باشکردنی ڕێگاکان هاتووچۆکردن لەناوەوەی وڵاتدا (Logistic)، ئیستاکە پێویستە بەرنامە ڕێژی بکرێت بۆ باشکردن و چاککردنی ڕێگاکانی هاتووی ئاسمانی و زەوی لە کوردستاندا، ئەو ڕێگایانەی تاوەکوو ئیستا هەن، لەوانەیە بۆ ئەو قۆناغە نوی دەستنەدەن.
کردنەوەی ڕێگای نوی لە نێوان شارەکان و دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر و ڕێگای ئاسمانی، ئابووری و کۆمەڵگای کوردستان، بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتوو دەبەن.
هەروەها ئامرازە تەقلیدیەکانی هاتووچۆ کردن و بەستنەوەی کوردستان بە وڵاتانی دەوروبەر، گۆڕانکاری تێدا بکرێت و باشتر بکرێن، بە تایبەتی لەگەڵ تورکیا و کۆماری سووریادا، بە دروستکردنی پردێك لە نێوان کوردستان و سوریادا، وەهەروەها تورکیا دەتوانێت هاوکاریمان بکات بۆ باشترکردنی ڕێگاکانی هاتووچۆمان، بە شێوەیەك بێت بووەشێتەوە لەگەڵ پێشوەچوون و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و ئاستی پێشکەوتووی تەکنەلۆژیا، وە لێرەش کار و بەرنامەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانە وەکوو داواکاریەکی فەرمی کاری بۆ بکەن.

- خاڵێکی تری گرینگ خۆی لە نەبوونی سیستەمی بانکیدا دەبینیتەوە (Bank System)
لە ئابووری پێشکەوتوود، بەتایبەتی بۆ ئەو کۆمپانیایانەی وەبەرهەمهێنانی بیانیی، نەبوونی بانکی گەورە و پارمەتیدەر لە کوردستاندا، گرفتێکی گەورەیە بۆ ئەوان، دیارە ئێتا لە کوردستان، هەمان ئەو بانکانە هەن کە پێشتر لە عیراقدا مۆڵەتیان پێدراوە، بەڵام لە کوردستان، چەند بانکێکی تریش هەن، بەڵام خەڵکی بەگشتی نایاناسن و بڕوایان پێنەکردوون!! ئەوەش بە بڕوای ئێمە لەبەر نەبوونی زانیاریە، دەبووایە کاری ژووری بازرگانی بوایە، کە هەموو لاینێکیان لێوە ئاگار بکردبایە. لێرەشدا دەبێت حکومەت، گرینگی بەو بانکە کۆنانە بدات یارمەتیا بدات بۆ ڕاپەڕاندنی کاری گەورە و گرینگ لە بوواری هەناردن و هاوردنی پارە بۆ دەرەوەی کوردستان. جۆری خزمەتگوزاریەکانیان باشتر بێت وەکوو ئەوەی لە ئابووری وڵاتان پێشکەوتوودا هەن.
-فەرهەنگیکارکردن: بەداخەوە، ئەگەر سەیرێکی بازاڕ و کۆمەڵگای کوردستان بکەین، چەند کار و چالاکیەکی ئابووری هەبوون پێشتر بۆ نمونە (لۆبیافرۆش سەمون فرۆش و سبووغچی و حەمامچی و فروشیاری گەڕۆك و چایخانەکان... ) هیچیان نەماوون ئێستاکە، کەسیش کار ناکەن، بەشی هەرە زۆری خەڵك ناونووسکران و بونەتە کارمەند و پۆلیس، لەماڵەوە مووچەی هەیە و ئێورانیش لە شۆستەکان پیاسە دەکەن!!
دەبێت حکومەت بەدووای هەیبەتی خۆیەوە بێت، نەکەوێتە هەڵەی گەورەوە، بۆ نموونە: ئەو هەڵمەتە گەورەەی دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری کارەند و مووچەخۆرانەی کوردستان، گەورەترین هەڵەی حکومەتی کوردستان بوو، ئێستاکە خەڵکانێکی زۆر هەن، لە جیاتی موچەیەك سی مووچەی هەیە و لە لاوەش کاری تر دەکات و چینێکی گەورەی گەنجان بوونەتە پێشمەرگە و پۆلیس، بێ ئەوەی هیچ سوودێکی ئابووری و کۆەڵایەتیشیان هەبێت، جگە لەوەش وەکوو قوورسایەکی گەورەش لەسەر شانی بوودجەی حکومەتدا دروست بوونە.

دەبێت کار بۆ ڕێککردن نەخشەکێشانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بکرێتەو وە ئەوەش کاری وەزارەتی نەخشەکێشان و وەزارەتی کاری کوردستانە.

-گرفتێکی گەورەی ئابووی کوردستان، ئەو دابەشکردنە جوگرافیەیە کە کوردستان پێیەوە دوو جار دەناڵێنێت، ئەویش ئەوەیە کە وڵاتانی بیانی کاتێك ئامۆژگاری و هاوکاری کۆمپانیاکانی خۆیان دەکەن، هەمیشە کوردستان و عیراق وەکوو یەك وڵات سەیر دەکرێت، ئەمەش زور گرفتی گەورەی درووست کردووە، لە هەموو وڵاتانی بیانی، کۆمپانیایی تایبەت هەن، کە کاریان تایبەتە بە دەرکردنی (راپۆرتی ووردی ئیستراتیجی لەسەر وڵاتان)، بە ووردی بە ڕوونی زانیاری لەسەر مەسەلەی نرخ و سوود و قازانج و لێکدانەوەی ووردی تر، مەسەلەی ئەمن و ئاسایش و باروودۆخی ئەمنی وڵاتان بەیان دەکەن.. لێرەدا تاوەکوو ئێستاکە، کاتێك باس لە عیراق دەکرێت، باس لە نەبوونی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی دەکرێت، بە هیچ شێوەیەك ئامۆژگاری هیچ کۆمپانیایەك ناکەن، بۆ ئەوەی بچن لە کوردستان و عیراق بە گشتی کار بکەن و پڕۆژە ئەنجام بدەن.. لە بەر ئەوەیە، دەبێت ئێمە لە ئاستی سەرۆکایەتی سیاسی کوردستان، وەزارەتی دەرەوەی عیراق، نوێنەرایەتیەکانمان لە دەرەوەی وڵات، دەبێت کار بۆ گۆرینی ئەو دابەشکردنە جووگرافیە بکرێت، کوردستان لە عیراق جیابکرێتەوە، دەبێت باروودۆخی تایبەت کوردستان و ئاسایش ناوچەکە و پێشکەوتنی ئابووری و فەرهەنگی و جڤاکی ڕوونبکرێنەوە و سوومەند ین لە بەشداریکردن و هاوکاریکردنی وڵاتان و کۆمپانیا بیانیەکان لە پڕۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستاندا.

ئەو بنەمایانەی سەرەوە، لە دووئاستی جیادا دەبێت کاریان بۆ بکرێت، ئاستێکیان لەناوەوەی وڵاتدا دەبێت وەکوو بەرنامەیەکی نیشتیمانی لە کوردستاندا هەموو لایانێك، هاوڵاتیان، حکومەت و ڕاگەیاندن و کۆمەڵگای رێکخراوەکانی مەدەنی، زانکۆ، ، پێکەوە و بەهەماهەنگی بەرنامەی بۆ دارێژن، ئاستێکیی تریش، لە دەرەوەی وڵاتدا، ئەو نوێنەرایەتی و کۆنسۆڵخانانەی عیراق و ئۆفیسی بەرژەوەندیەکانی کوردستان، دەبێت دەوریان هەبێت بۆ گۆڕینی واقیع و بەرەو پێشەوە بردنی کاریان، لەسەر بنەمایی ئەوەی کە کوردستان، ناوچەیەکی تایبەت و ئارامە، جیاوازیەکی ڕوونی هەیە لەگەڵ عیراقی عەرەبیدا، کار بۆ ئەوە بکەن، کە وڵاتانی بیانی، دەورێکی کاراتریان هەبێت لە پڕۆسەی بناتنانی ژێرخانێکی بەهێزی ئابووریدا.

خەسرەو پیربال
Pirbal@hotmail. com